# ڕووناکبیرانی کورد دەبێ ژینۆسایدی گەلی ئەرمەنی مەحکووم بکەن

## بەبۆنەی ٢٤ ی ئاپریل

## ساڵوەگەری ژینۆسایدی ئەرمەنیان بە دەست دەوڵەتی تورک

ئەمرۆ ساڵوەگەڕی ڕۆژی ڕەشەکوژی گەلی ئەرمەنی بە دەست تورکانی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥ ی زایێنیە. لەو ڕۆژە ڕەشە و لە درێژەی سیاسەتی بەتورک کردنی وولاتی عوسمانیدا، گەلی ئەرمەنی لە خاکی باووباپیریان ڕاونران، سەدان هەزاریان لێ کووژرا و بە سەدان هەزاریش ئاوارەی وولاتانی دەوروبەر کران.

گەلی کوردیش- کە خۆی قوربانییەکی دەستی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورکیایە و بە هەمان شێوە لە خاکی باووباپیرانی دەرکراوە و تووشی شەڕو کووژران و ئاوارەیی و وێرانی ئابووری وولاتەکەی بە دەست دەوڵەتی عوسمانی و جێگرەکەی واتە حکوومەتی ئێستای تورکیا هاتووە، لەماوەی ئەو ڕەشە کوژییەدا بوون بە پەنا و داڵدەی گەلێک لە ئەرمەنییانی ڕاکردوو لە دەست قەتڵی عامی بێ بەزەییانەی تورکان.

بەڵام لە ڕەوتی کوشتارەکەدا هەندێک سەرەک عەشیرەت و خاوەن مڵکی کورد و خەڵکانی چەپاوچی فریوی فیت وفێڵی تورکانیان خوارد و بەشێوەیەک لە شێوەکان یارمەتی بەرێوەچوونی بەشێک لەو کارە نامرۆڤانەیان دا. ئەو پەڵەیە بە سەرشانی مێژووی گەلەکەمانەوە ماوە و هیچ ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە فەکتەکان نییە. گەلی ئەرمەنی دەزانێت کە ئەو جینایەتە خواست و ئیرادەی کۆمەڵگای کورد نەبووە و لە لایەن تورکانەوە بەسەربەشێکی کەمی کۆمەڵگاکەدا سەپاوە.

بەلام هەر ئەوەندە بەشداریش بۆ گەلێکی ئازادیخواز وەک کورد - کە خۆی قوربانی درێژخایەنی هەمان سیاسەتی هەمان دوژمنە، کارێکی ناپەسەند و نابەجێیە و دەبێ مەحکووم بکرێت – چ وەک ئەسڵێکی مرۆڤایەتی و چ وەک پێزانینێک بەرانبەرگەلی ئەرمەنی، کە سەرەڕای ئەو کارەساتەش لە هەموو ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا تاقە وولاتی ناوچەکە، دوای باشووری کوردستان، دەوڵەت و میللەتی ئەوان بووە کە بە شێوەی فەرمی فەرهەنگ و زمانی کوردییان پاراستووە و قوتابییانی کوردی لە ئەرمەنستان بە زمانی کوردی وانەیان خوێندووە و وەک کورد پەروەردە کراون.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، پێویستە گەلی کورد بە گشتی و ڕووناکبیرانی بە تایبەت، بەرژەوەندیی سیاسی بنێنە لاوە و بەشداریی باووباپیرانی خۆیان لەو کوشتارە نامرۆڤانەیەدا – هەرچەند بە ڕادەی کەم و بە فیت و سیاسەت و بەرنامە و هاندانی دەوڵەتی عوسمانیش بووبێت، مەحکووم بکەن و لە گەلی ئەرمەنی لێبووردن بخوازن – کارێک کە من ئێستا وەک تاکە کەس و بەش بە حاڵی خۆم دەیکەم و هیوادارم لەم ڕێبازەدا بە تەنیاش نەمێنمەوە.

ئەنوەری سوڵتانی

٢٠١٠/٤/٢٤